# ئەو شتانەی کە پێش بەجێهێشتنی سوید پێویستە بیریان لێ بکەیتەو

تۆ کە بیر لە گەڕانەوە دەکەیتەوە یاخود بڕیاری ئەوەت داوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە گەلێک پرسیارت هەن. دائیرەی کۆچ دەیەوێت لە ڕێگای هێنانە بەرچاوی ئەو شتانەی کە پێویستە بریان لێ بکەیتەوە بۆ ئەوەی کە بڕیارێکی بناغەپتەو بدەیت، دەیەوێت یارمەتیت بدات. بە دڵنیاییەوە ئەو لیستە دەکرێت چەندین خاڵی تریشی بۆ زیاد بکرێت، لەبەرئەوە شوێنی نوسینی تێبینیەکانی خۆتمان بۆ بەجێهێشتوویت.

ئەوەی کە پێویستە بیری لێ بکەیتەوە دەربارەی

**...لەشساغی**

* ئاگاداریی نەخۆشی لەو وڵاتە کە تۆ بۆی دەچی چۆنە.
* دەرمانە پێویستەکان و ئایا ئەو دەرمانانە لەوێ دەفرۆشرێن.
* ئەو ئامرازانەی کەوا تۆ پێداویستیت پێیان هەیەو ئایا لەوێ وەگیر دەکەون.
* ئەو ڤاکسینانەی پێویستە پێش سەفەرەکە لە خۆتیان بدەی.
* فایلی نەخۆش ئەگەر پێویست بێ لەگەڵ خۆت بیبەی(دەگونجێ بەوەرگێڕاوی)

*......................................

.........................................

**...کار**

* شوێنێکی ئیش لە کۆمپانیایەك لە سوێد بۆ خۆ ئامادەکردن و فێربوونی ئەوجۆرە کارە کە حەزدەکەی بیکەی لەو وڵاتە کەباردەکەی و بۆی دەچی، (دەتوانی لەڕێگای دایرەی کاردۆزییەوە لێی بگەڕێی).
* پڕۆژەی کوچی دووبارە بۆ ئەوەی دەرفەتی باشترت بۆ بڕەخسێ لەو شوێنە کە بۆی دەچی.
* نومرە، بەڵگەی خوێندن و بۆچوونی نووسراوی کەسانێك کە بتناسێن لەوانەیە بۆ ئیش و کاری دوارۆژت گرینگی خۆی هەبێ ( دەگونجێ بە وەرگێڕاوی).
* راگرتنی هەندێك پێوەندی بەنرخ لە سوێد، بۆ نموونە کار و قوتابخانە.
* بەڵگەی دامەزران لە لایەن خاوەنکارە تازەکەوە لەو وڵاتە کە بۆی دەچی.

*......................................

.........................................

**...قوتابخانە**

* پێوەندی گرتن لەگەڵ دام و دەزگاکانی ئەو وڵاتەی کۆچی بۆ دەکەی بۆ زانیاری وەرگرتن سەبارەت بە دەرس و خوێندن.
* تەکمیل کردنی ئەو نومرانە کە پێوست بێ بۆ بەردەوام بوون لە خوێندندا لەو وڵاتە کە کۆچی بۆدەکەی.
* وەرگرتنی نومرەی پەسند لە خوێندن دا لە سوێد.
* وەرگێرانی بەڵگە و نومرەکانی خوێندگاکان یان کۆرسەکان لە سوێد.

*......................................

.........................................

**...ئاسایش**

* ئەو قانوونانەی کە پێوەندییان بە تۆوە هەیە ( ئەگەر حەز بکەی دەتوانی لەگەڵ نزیکترین نوێنەرایەتی ئەو وڵاتە پێوەندی بگری).
* مافەکان و ئەرکەکان لەو وڵاتەی کەوا تۆ کۆچی بۆ دەکەی.
* مەترسییەکان لەو ناوچانەدا وا پێشتر شوێنی شەڕ بوون، بۆنموونە مین و نارنجۆك.
* ئەو ناکۆکییە قەومییانەی کە بەردەوامن.

*......................................

.........................................

**... خانوو لە سوێد**

* بزانە ماوەی پێویست بۆ راگەیاندی بەتاڵکردنی خانووەکە چەندە و یەکسەر رایگەنە پێش ئەوە لە سوێد بڕۆی.
* بارکردنەکە بە دایرەی باجی ناوچە راگەیەنە، داوای ئەم فۆرمە بکە (Flyttning till utlandet)
* لە پۆستخانە ناونیشانەکەت بگۆڕە.
* ئابۆنەی تەلەفۆن، رۆژنامە و هند تەواو کە.

*......................................

.........................................

Migrationsverket
601 70 NORRKÖPING
www.migrationsverket.se

**...خانوو لەو وڵاتە کە بۆی دەچی**

* بارو دۆخی بازاری خانوو.
* بەڵگەی خاوەندایەتی ئەوماڵەی کە دەچییە ناوی،پێویست بوونی یارمەتی قانوونی.
* چاککردنەوەی شوقەکە یان خانووەکە.
* ناونیشانە تازەکە بەو کەسانە راگەیەنە کە بۆ تۆ گرینگن.
* ..........................................
..........................................

**... باری ئابووری لە سوێد**

* قانوونەکانی سندووقی بیمە سەبارەت بە پاشەکەوتکردنی پارەی خانەنشینی، پارەی یارمەتیی نەخۆشی، پارەی یارمەتیی منداڵ و هتد، لە کاتی کۆچی دووبارە، چی روودەدا ئەگەر کەسێك هاووڵاتیی سوێد نەبێ.
* ئەگەر قەرزی کەل و پەلی ناو ماڵ یان قەرزی خوێندنت وەرگرتووە پێوەندی بگرە لەگەڵCSN
* قەرزەکانت بدەوە یان بۆ دانەوەی قەرزەکان بە قیست پێش سەفەرەکەت پێکهاتن بکە.
* داوای یارمەتی بکە لەو کومۆنە وا لێی دەژی.
* داوای یارمەتیی پارە بکە بۆ سەفەری گەڕانەوە بۆ وڵات لە

Migrationsverket, telefon 0771-235 235

* ..........................................
..........................................

**...باری ئابووری لەو وڵاتە کە بۆی دەچی**

* نیزامی بیمەی کۆمەڵایەتی چۆنە، پەیماننامە، خانەنشینی و یارمەتیی دراوی و هتد هتد
* نیزامی خوێندن چۆنە، بۆنموونە ئایا بەلاشە، ئایا ئیمکانی وەرگرتنی قەرزی خوێندن یان وەرگرتنی پارەی یارمەتی خوێندن هەیە.
* هەبوونی یارمەتی دراوی و نرخ داشکاندن لەلایەن حکوومەتەوە بۆ نموونە بۆ خانوو، بۆ دروستکردنی کۆمپانیا یان کاری هەرەوەزی.
* هەبوونی رێکخراوی یارمەتیدەر لە شوێنەکە بۆ ئاسانکاری.
* ..........................................
..........................................

**... سەفەرەکە**

* سەفەرەکەو بردنی کەل و پەلی ناوماڵ ماوەیەکی باش پێش سەفەرەکە بەرنامەرێژی بکە.
* بیمەی پێویست بۆ سەفەرەکە و بۆ بارەکان جێبەجێ کە.
* هەمووبەڵگە پێویستەکان ئامادەکە وەکوو پەساپۆرت، بەڵگەی کەسی، ناسنامە، کارتی لێخۆڕین، رابردووی کار و خوێندن,
(CV)
راگەیاندنی داهاتیساڵانەی ساڵەکانی دوایی، بەڵگەی گومرگ.
* ..........................................
..........................................

بە راشکاوی لە نێو خێزانەکەدا باسی بەرنامەی گەڕانەوە و کۆچی دووبارە بکەن و باسی ئەوەش بکەن کە هەرکەسێك چ چاوەڕوانییەکی هەیە. قسەکردن لەگەڵ منداڵەکان بەتایبەتی گرینگە. ئەوان لەوانەیە لە سوێد گەورە بووبن و پێویستییان بە یارمەتی تۆ هەبێ کە تێبگەن.
هەروەها ئەوەش گرینگە کە تۆ کەس و کار و خزمەکانی خۆت لە وڵات ئاگادارکەی کەوا تۆ باردەکەی و دەگەڕێیەوە. پێوەندییەکانی پێش سەفەر بۆ بەرنامە دانان گرینگن.
باسی ئەوەش بکەن کەچی دەبێ ئەگەر بڕیاری کۆچی دووبارەکە سەرنەگرێ، یان ئەگەر هەمووشت وا بەڕێوە نەچێ وەك بیری لێکراوەتەوە.

*دەزگای کاروباری کۆچ ئەم زانیارییانەی ئامادەکردووە لەگەڵ خاچی سووری سوێدی*
*Caritas Sverige, Sociala Missionen*
*دایرەی کۆچی دووبارە سەر بە شاری ستۆکهۆلم*
*(Stockholms Stads återvandringskontor*
*هەروەها کۆمەڵەی کومۆنەکانی سوێد*
*Svenska Kommunförbundet)*

Migrationsverket
601 70 NORRKÖPING
www.migrationsverket.se